# لــــه گــوڵــه كانـــــــى بـه هـه شـــــــــت تـه نـيــاتـــــــــر!

نامۆ سامان
2005 08 08

پێشكه شه به لاوانى وڵاته كه م
ئه و لاوانه ى كه منداڵيان زه مه نێك بوو له خۆڵ
گه نجێتيان زه مه نێك بوو له جه لاد و شمشێر
چ هێزێک ئه توانى گه نجێتم بۆ رۆژێک بگه رێنێته وه من هه موو پيريمى پێده به خشم!

ژنـه كانى ئێمه
خه ون به پياوێكى ئاشقه وه ده بينن
پياوه ئاشقه كانى ئێمه
خه ون به موحيبه تى په نجه ره كانى وه همه وه ده بينن
ئا ى له ئێمه..
ئێمه ى پياو
ئێمه ى ئاشق
ئێمه ى دواى شه ڕه دۆڕاوه كانو
دواى فه تواكانى جه نگ
دواى ووتى ووتى پياوه مۆنه كانو
دواى جه هالێتى سه ركرده كان
ژنـان
ئێمه چيما وويست له فه لسه فه ى ووشكه كانى پياو له شه و جه هه نه مێكانى پياو
چما چيمان وويست له ئێوه ى پياو ئێوه ى دواى شه وه ئابرووبراوه كان
جگه له ئه شق
ئێمه تان به ره و دۆزه خى خواكانى شه ڕ و ئه هريمه نى رۆژه كان برد
ئێوه ئاشقى جه نگێكى دۆراو
ئێمه يش ئاشقى پياوێكى دۆراو

چه ند جوانن ئه وانه ى به لێوارى نيشتيماندا شۆربونه ته وه به هێواشى
سه رى به رزيان خستۆته كۆشيانه وه هه نگاو به سه ر بزمار رێژى ته مه ندا ده نێن
چه ند جوانن ئه وانه ى به كه نارى ده رياكاندا به تاک سه ر ده نێن به رۆحى خۆيانه وه
له گه ڵ شه پۆله كاندا به ره و دنيايه ک پڕ له ئاسوده ى و پر له هێمنى
پڕ له خه ونى ره نگ په مه ى
پڕ له ووژه ى ئاو
رۆحى ته زيوى ئينسان سه رنج ئه ده ن
و له سه ر پشتى ئه م مێژووه قه موره يشدا خه ون به نيشتيمانێكى ئازاده وه ده بينن.
ئـه ى ژن
ماچه كانت وه ک په پووله

به سه ر لێومه وه
به سه ر ڕۆحمه وه
لێو لێکنێم
وه ک قه قنه س ده سوتێن
لێو هه ڵبرم
وه ک حه زه کانم هه ڵده وه رن
وه ک مه له کانی نیشتیمان
په ره وازه ده بن
چه ند جوانن ئه وانه ی به تاک هاتنه ئه م دنیایه وه و به تاک سوجده یان بۆ فه رموده کانی خوابرد
به کۆمه ڵ به ره و کێڵگه کانی جه نگ بران.
تاکه کانی وڵاتی ئێمه  وه ک خوا ته نیاو له گوڵه کانی به هه شت ته نیاتر!
تاکه کان که سۆماکانیان پرله کوشتنو
پڕ له هه ڵواسینی سێبه ره کانو پر جه هالیه تی گه وره کان
به ئه ندازه ی نزیکبوونه وه ی خیانه ت له خاک
ئه م تاکانه ی وڵاتی ئێمه به هه موو شتێک کۆمه ڵ و به هه موو کۆمه لێک تاک
ئه م تاکانه ی وڵاتی ئێمه به یه ک نامۆ به یه ک پر له جوانیو پر موحیبه تی دووری
له دووره وه  باوه شی خۆشه ویستیان بۆ یه کده گرته وه
ده یان وویست به بێ خواستی حیزبو به بێ خواستی گه وره کان
به بێ خواکانی شه ر و ئه هریمه نی ڕۆژه کان
به ره و چاوه کانی نیشتیمان بگه رێنه وه .
تا تاک بووین جوان بووین
که جووت بووین له سێبه ری شه یتانه کان ناشیرینتر.
تا تاک بووین رۆحمان به فه نه ری نیشتیماندا هه ڵواسی بوو
تا تاک بووین پڕ بووین له موحیبه تی ڕۆژه کان
پڕ بووین تریقه ی مناڵییمان
پڕ بووین له خاوێنی
پڕ بووین له به رائه ت.

ئـه ی ژن
به تاک درۆمان بۆ یه ک ده کرد و به جووت به یه ک گه یشتین
به لارێدا به قه راخی شۆسته کانی نیشتیماندا
شۆڕده بوینه وه
ئه و هه موو فرمێسکه ڕژاوانه له چاوه کانماندا بریسکه ی ده هات
ئێمه به لووت به رزییه وه
ئێمه به هه رزه ییه وه ڕێمانده کرد
نه مانتوانی بۆ سه وز بوونی ئینجانه ئه شق
ته نها دڵۆپێ له و فرمێسکانه کۆکه ینه وه
به گومانه وه ده په یڤینو
به درۆ ماچه کانمان ده سپارد به لێوه کان

ئـه ی ژن
جه نگ و فه لسه فه ڕزیوه كان
ته نیایی و بۆشیایی ڕۆژه كان
ئێمه یان سپارد به حیزب
حیزب ئێمه له به ره كانی شه ردا به سه ر شه ره فی نیشتیمانه وه جێهشت
ئێمه له شه ره ف و نیشتیمانێک
كه دۆراندمان
ئیتر هیچی ترمان نه مان بۆ ووتن

پڕتكردم له خه و نی ته نیاییو
له ئه لفوبێ وونبوون
پڕتكردم له تارمایی ترس و
له خه زانی وه رزه كان
من به م په نجانه وه به م ده سته بچكۆلانه وه
سه رتاپام ته نیای لێده تكی
په نجه كانم پڕبوون له خیانه ت
په نجه كانمت پڕكرد له كوشتنی سویسكه كانی ته مه ن
من به م ته مه نه وه پڕبووم له جه هالیه ت
پڕبووم له شۆرش
پڕبووم له جه لاد
خاڵی بووم له ژن خاڵی بووم له ئه شق خاڵی بووم له هێمنی
خاڵی بووم له خۆم
من كه پێش تۆ پێش ساڵه تووره كانی ته مه ن پێش خواكانی شه ڕ
پێش ئه لفوبێ سیاسه ت
پڕبووم له په ره سێلكه ی ته مه ن پڕبووم شنه ی باو
پڕ له موحیبه ت
پڕبووم تریقه ی منداڵانه و
پڕبووم له جوامێری و پڕ بووم خۆم

من به م ته مه نه وه به م سوێسكه ی دڵ و خۆرنیشینی په نجه ره یه وه
پڕبووم له شكستی رۆژه كان و له ماندووبوونی شه وه كان
پڕبووم له شۆرش پڕبووم له ئه نفال
ئای ئێوه بروانن ئێمه چۆن به گه نجی پیربووین
ئه م چاوانه ئێمه بۆ ئه شق خوڵقا
چۆن ئاشنایانكردن به شه ڕ
ئه م زمانه ی ئێمه كه بۆ ئه شق ئه په یڤی پڕیان كرد له سه رگه ردانی
ئه م چاوانه ی ئێمه كه بۆ یار ده یروانی
چۆن سپاردیان به كاولبوونی ڕۆژه كان
ئه م ده ستانه ی ئێمه كه سه ر ئه وینو موحیبه ت گه وره بوون

چۆن سپاردیان بە دۆزە خ